# لەیادی هەشتاو حەتساڵەی شۆڕشەکەی (برایم خانی دەلۆ) :



نەوەی برایم خان (سمایل خانی دەلۆ) داوا لە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات کە ( روفاتی ) برایم خانی دەلۆ بگوێزرێتەوە بۆ شوێنی شۆڕشەکە:

**سازدانی : یوسف قەرەداغی**

گەرمیان گەردەزانی گەرمیان چیە ؟ ئەو پارچە و ناوچە خۆڕاگرەی کوردستانە کەوا هەمیشە وەکو مەشخەڵ و مەکۆ بووە بۆ شۆڕش و ڕاپەرین ، هەرلەم هەرێم و ناوچەیەی کوردستاندا وە پێش (87)ساڵ ، خەمخۆری گەلەکەمان و نەتەوەی کورد برایم خانی دەلۆ کە یەکێکە لە سەرۆك هۆزەکانی ئەو ناوچەیە سەرکەوتە سەر چیاکان بەتایبەتی چیایی (باوەشاسوار) لە شاری کفری بۆ شۆرشکردن دژی داگیرکەری بەریتانیا ( کە بە خوێنرێژی ئینگلیز ) بە ناوبانگ بوو لەو ناوچانەدا ، برایم خان توانی ئەم داگیر کەر و دڕندانە تەمبێ بکات و هەروەها توانی کابتنێکی ئینگلیز دەست بەسەر بکات بەناوی کابتن (سەلەمون) کە فەرمانڕەوای شاری کفری دەکرد ، بەم شۆرشەی توانی حکومەتێك لەو ناوچەیە دابمەزرێنێت ، هاوکات بەم حکومەتەی یان بەم شۆڕشەی توانی ئەوە بسەلمێنێ کەوا شۆرشەکەی هیچی کەمتر نییە لە شۆرشەکانی دیکەی کورد لە ناوچەکانی تری کوردستان ، لەو سەردەمەدا (واتا ساڵی 1920) ، وە ئەم شۆڕشەی برایم خان ڕاپەڕینێکی جەماوەری لەناکاو و عەفەوی نەبووە بەڵکو شۆرشێکی تۆکمە و بەرنامەڕێژاو ڕێکخراو بوو لە لایەن سەرۆکەکەیەوە کە ویستی لەم شۆڕشەوە ژیانی پڕ لە ئازادی و خۆش بۆ خەڵکەکەی دابین بکات ، هەروەها ڕێگر بوو لەو دابەشکردنەی ئینگلیز کە دەیانویست کوردستان بەش بەش و پارچە پارچە بکەن ، بۆیە زوو بەزوو حکومەتێکی دامەزراند لەناو شاری کفری و ناوچەکەدا کە دەوروبەری لەناحیە و گوندەکانی دەگرتەوە لەهەمان کاتدا بەمەش ڕازی نەبوو بەڵکو هەوڵی فراونکردنەوەی حکومەتەکەی دەدا تاکو دەیتوانی بۆ پانتایەکی زیاتر ، هەروەها دەبینین هەوڵیداوە پەیوەندی بە سەرۆك عەشیرەت و هۆزەکانی تر بکات کە لە ناوچەکانی دەوروبەری ئەم شارە بوون وەك سەرۆکی هۆزی (داودە)لەدووز و سەرۆکی عەشیرەتی هۆزەکانی دیکەی کوردی لە خانەقین بۆ لێك نزیککردنەوەی ڕاو بۆچوونەکان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ، بەڵام ئینگلیزەکان دووبارە پلان و هەوڵی داگیرکردنی ناوچەکەیان خستەکار ئەمەش دوای ڕێکخستنی هێزەکانی خۆیان ، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کەوا شکست بەو شۆرشە بهێنن کە شوێنە سەرەکیەکەی شاری کفری بوو وەك لە دیکیۆمێنتەکانی بەریتانیەکان مێژوو نوسەکان و کەسە بەتەمەنەکان کەوا باپیرانیان یان باوکیان بەشداری لەم شۆرشە کردبوو بەدیار دەکەوێت ......

بەم بۆنەیەوە بە باشمان زانی بچینە لای نەوەی برایم خان کە ئەویش (سمایل خانی دەلۆ )یە کە سەرۆکی عەشیرەتی دەلۆیە ، کە چوینە لای بۆ ماڵەکەی لە شاری هەولێر یەکەم شت کەبینیمان وێنەیەکی شۆرشگێری گەرمیان ( برایم خان )لە دیوەخانەکەی هەڵواسرابوو کە سیمای ئەو دیواخانەی قەشەنگ و جوانتر کردبوو .....

کەو تینە گفتوگۆکردن لەگەڵیدا و لێمان پرسی ....

= چیت بیرماوە دەربارەی شۆڕشەکەی برایم خان دوای تێپەربوونی 87 ساڵ بەسەر ئەو شۆڕشەدا ؟

_ گوتی زۆر شتم لە بیرماوە لەسەر ئەو شۆرشە ، وە تا ئێستاش باسەکان و ووتەکانی باوکم (عەزیز خانی دەلۆ ) کە جگە لە کوڕ وەکو هاوڕێیش بووە لە شۆرشەکەی باوکیدا کە تا ئێستا قسەکانی هەر لە گوێم دەزرنگێتەوە وە دوای ئەویش مامم شەرەف خانی دەلۆ کە لە کۆتایی سەدەی پێشوودا گیانی پاکی لەدەست دا کە تاکو کۆچکردنی هەر باسی یادەوەریەکانی ئەو شۆرشەی بۆ دەکردم لێرەدا دەمەوێ بڵێم کە باسکردن لەسەر شۆڕشەکە شتێکەو باسکرن لەسەر

برایم خان شتێکی دیکەیە و باسی ئەو حکومەتە کوردیەش شتێکی ترە .

هەروەها سکالایەکی زۆریشم لەدڵ هەڵگرتووە بەرامبەر بە راگەیاندنی کوردی ، کە هیچ گرنگیەکی ئەوتۆیان بەم شۆڕشە مێژووییەی کورد نەداوە و خەمساردن وەهیچ باسێکیان دەربارەی ئەم سەرۆکە کوردیە کە حکومەتێکی پێش حکومەتەکەی شەهید قازی محەمەد(کۆماری مەهاباد) بە بیست و شەش ساڵ دامەزراندووە ، بەلام لە هەمان کاتدا سوپاسی وەزارەتی پەروەردە دەکەم کە هەندێ باسیان دەربارەی برایم خان و شۆڕشەکەی خستووەتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە لە چەند قۆناغێکی خوێندندا تاکو دەگاتە ئاستی زانکۆش .

= باشە ، چی دەربارەی حکومەتەکە و ماوەی حکومڕانی دەزانی ؟

- ئەم حکومەتە لە رۆژی یەکەمەوە تاوەکو شکست هێنانی شۆڕش بەرامبەر هێزی داگیرکەری بەریتانی بەردەوام بوو کە ماوەکەی( سێ مانگ و نیو زیاتر) بوو ، لەم کاتەدا ئەم حکومەتە هەستا بە پەیوەندی بەستن لەگەڵ شارەکانی دەرووبەری بۆ ئەوەی هەموویان پێکەوە حکومەتێکی گەورەتر دروست بکەن ، برایم خان یەکێك بوو لەوکەسانەی کە پەیوەندی باشی لەگەڵ زۆر لە سەرۆك عەشیرەتەکان هەبوو هەروەها کەسە ناودارەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانی دەناسی وەکو شێخی کۆچ کردو (شێخ محمودی حەفید) هەروەها نامەی دەنارد بۆ شێخ عەبدالسلام بارزانی و شێخ ئەحمەدی بارزانیش هەروەها کۆبونەوەی لەگەڵ شێخ سمکۆی شەکاك و جافر سوڵتان لە ناوچەی هەورامان ساز کردبوو ....

= ئێمە دەزانین کەوا برسیەتیەکی زۆر لە هەر چوار پارچەی کوردستان بڵاو بووبووەوە ، ئایا حکومەتەکەی برایم خان چیکرد لەو ناوچەیە بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە؟

- راست دەڵێت ، ئەمەش بەهۆی جەنگی جیهانی یەکەمەوە رویدابوو لە کوردستان ، لەو کاتەدا ئینگلیزەکان کۆگای گەورەیان هەبوو کە دانەوێڵەیەکی زۆری تێدا بوو کە بۆ سەربازەکانیان هەڵیانگرتبوو ، لە سەروەختی شۆڕشەکەدا دەست بە سەر ئەو کۆگایانەدا گیراو کاتێ ئەم حکومەتە دامەزرێنرا ئەو دانەوێڵەیەی بەسەر هەژار و دەستکورتی ئەو ناوچەیە بە یەکسان بە خۆڕای بە سەر خەڵکی ناوچەکەدا دابەشکرد ، هەروەها برایم خان بەهەموو وەزیرەکانی راگەیاند کەوا هەژاری و دەسکورتی بنبر بکرێت لەو ناوچانەدا وەزیرەکانیش پێکهاتبوون لەم کەسە ناودارانەی ئەوناوچانە : وەیس بەگ و ئەکبەر خان و حاجی محەمەد پیروەیس تەرخانی و حەمید کارێزی کە لەدوایدا شەهید بوو و حاجی تەهای رۆغزائی و کاکە مەند ئەمین دەروێش .... هتد ، هەروەها ویستی پرۆگرامی نوێ بۆ کشتوکاڵ دابنێت ئەمەش پرۆگرامی کارکردنی هەرەوەزی بوو ، بەلام تەمەنی حکومەتەکە کەمتر بوو لەوەی بتوانێت هەموو ئامانجەکانی بەدی بهێنێت ، ئەم تەمەن کورتییەی حکومەتەکە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا دوو لە تیرەکانی کورد پەیوەندیان بەست لەگەڵ ئینگلیزەکان و ئالای خیانەتیان بەرز کردەوە ، حکومەتەکەی برایم خان ئەمەی بە شتێکی سەیر نەزانی کەوا هێزی کوردی لەپێش هێزی ئینگلیزەوە ریزمەند بووبوون بەسەرکردایەتی حەمید تاڵەبانی ، بەداخەوە ئەم گرێ کوێرەیە هەیە لەناو مێژوی کوردا بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە .

= ئێمە کە کتێبەکەی برایم خان دەخوێنینەوە کە مامۆستای خوا لێخۆش بوو مستەفا نەریمان نوسیویەتی کە ئینگلیزەکان هەوڵی دانوسان و ئاشتبوونەوەیان لەگەڵ برایم خان داوە ، چی دەربارەی ئەوە دەڵێت ؟

- ئەمە راستە ، ئەوکاتە ئینگلیزەکان نوێنەری خۆیان نارد بۆلای برایم خان کە ئەو نوێنەرە (موراد موبارەك مستەفا) بوو ، کە سەرۆکی پۆلیسی کەرکوك بوو بەلام برایم خانیش نوێنەری خۆی نادر بۆلایان کە ئەویش محەمەد سەعید ونداوی بوو (محەمەد سەعید ونداوی لە دواییدا نوێنەری لیوای کەرکوك بوو لە ئەنجومەنی نوێنەران بوو لە زۆر کاتدا وە نیشتمان پەروەرێکی گەورەبوو)... ، وەدوای وتوێژێکی زۆر ئینگلیزەکان گوتیان ئێمە بەو مەرجەی برایم خان واز لە شۆڕش بهێنێ دەیکەین بە قایمقامی کفری و وە مانگی پەنجا هەزار روپی هندی دەدەینێ بەلام نوێنەری برایم خان ئەوشتانەی بەکەم زانی بەرامبەر بە خاك و نیشتمان و گەل و نەتەوەکەی ، لە دوای ئەو دانیشتنە لەگەڵ ئینگلیزەکان کاتێك برایم خان زانی بە وتووێژ ناگەنە ئەنجام هەستا بە دابەشکردنی هێزەکان و فەرماندەکانی لە دەووروبەری شاری کفری ، ئینگلیزەکانیش لە سێ قۆڵەوە هێرشیان هێنایە سەر شاری کفری و ناوچەی شۆڕشەکە .

- پاشەکشە کردنی شۆڕش لە شاری کفریدا چۆن بوو ؟

- پاش بەرەنگاریەکی زۆر و قوربانیدانێکی گەورە لە شاری کفریدا کشانەوە ، برایم خان لەکۆتایدا بە تەنها مایەوە لە شاردا لەگەڵ هەندێ لەو کەسانەی کەوا برایم خانیان بە هەموو شتێك دەزانی لە ژیانیاندا بەم شێوەیە شاریان بەجێهێشت و روی کردە گوندی هەیدەرکەل ( ئەو گوندە پاشتر بە گوندی برایم خان دەناسرا ) ، ماوەیەك لەوێ مایەوە رووبەرووی چەند هێشێك وەستایەوە و دوایی رووی کردە گوندی (زەرد) وەلەوێ خۆی ئامادەکرد بۆ جەنگ رووبەروو بوونەوە بەرامبەر سوپای بەریتانیا ، بەلام ئینگلیزەکان هەر لە تەقەلای ئەوەدا بوون کەوا برایم خان دەستگیر بکەن

و شۆڕشەکەی خامۆش بکەن ،  کەریم بەگی جاف کە سەرۆکی عەشیرەتی جاف بوو بەم پلانەی ئینگلیزەکانی زانی کەسێکی نارد بۆلای برایم خان کە ئەویش (عەلی جگەرە )بوو بۆ ئەوەی لە مەرامی داگیر کەران ئاگاداریان بکاتەوە، بۆیە برایم خان و هاوکارانی ئەو ناوچەیەیان بەجێهێشت و چوونە بەرەو  باشوری ڕۆژئاوای شاری کفری ، بۆ ناوچەی داودە بەڵام ئەم ناوچەیەش هەمان گرفت و کێشەی برایم خانیان هەبوو ئینگلیزەکان کوشتارێکی زۆریان لە ناوچەکەدا کردبوو بۆیەرێڕەویان گۆڕی  چوونە   ناوچەی ( بەیات ) کە (خان) پێشتر پەیوەندیەکی دۆستانە و باشی لەگەڵیان هەبوو ، ماوەیەك لەگەڵ هاوڕێ شۆڕشگیەڕەکانیدا لە سنوری حەمرین مایەوە و پاشتر بەهۆی نەکسەی شۆڕشەکە دووچاری نەخۆشیەکی کوشندە بوو بەو داخ و کەسەر و پەژارەوە دڵە پڕ لە هیوا و ئاواتەکەی لە لێدان کەوت عەشقی کوردستانی بردە دڵەوە بە ئامادە بوونی تێکڕای خەڵکی ناوچەکە و شۆڕشگێڕەکان کە لەگەڵیدا بە دڵێکی پڕ لە ماتەم و حوزنەوە بە شکۆداریەوە  لە گوندی (هۆمەرمەندان) بەخاکیان سپارد ، وە خەڵکی ئەو ناوچەیەش گۆڕەکەی برایم خانیان بە شتێکی گرنگ دانا لە ژیانیاندا دەچنە سەری وەکو شوێنێکی پیرۆز بۆ زیارەتکردنی ، ئێمەش زۆر بیرمان لەوە کردەوە کەوا شوێنی گۆڕەکەی ببەینەوە بۆ گوندی (برایم خان) بەڵام سەرۆك هۆزەکانی ئەو ناوچەیە قایل نەبوون بە گواستنەوەی گۆڕەکەی ، چونکە ئێمە شانازی بەو گڵکۆیە دەکەین هەروەها پێشتر ئینگلیزەکان پارەیەکی زۆریان دەدا بەوکەسەی کەوا برایم خان تەسلیم بە ئینگلیزەکان بکات بەلام ئێمە رازی نەبووین و تاکو ساڵانێکی زۆر ئێشکمان دەگرت ، ئەی ئێستا چۆن رازی دەبین گۆرەکەی بگوێزرێتەوە .

= لە کۆتاییدا ؟

– لە کۆتایدا داوا لە سەرۆکی کوردستان (مەسعود بارزانی) دەکەم کەوا گۆرەکەی بگوێزریتەوە بۆ نازچەی شۆرشەکەی (چیای باوە شاسوار لە شاری کفری) یان فەرمانی دروسکردنی پەیکەرێکی ڕێزلێنان لە ناوچەی هۆمەرمەندان لە سنوری کوردستان (زنجیرە چیای حەمرین)بدات .

